بەسەرکەوتنی لۆلای سۆسیالیزمخواز

# ئالای سور لەبەرازیل بەبەرزی راگیرا

ئا/ ئیبراهیم سەعید

بەرازیل یەکێکە لەگەورەترین دەوڵەتی ئەمریکای لاتینی کەژمارەی دانیشتوانی (١٧٠) ملیۆن کەسەو لەگەڵ ئەوهەموو ئابوورییە بەرزەی هەیەتی کەچی ٥٤ ملیۆن کەس لەژێر باری هەژاری دەناڵێنێ. ئەوەی شایانی باسە (١١)ەمین دەوڵەتە کەئابووریان بەهێزە لەجیهاندا.

لەئەنجامی حوکمی راستڕەوی ئەوولاتە کەلە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵێ ١٨٨٩ حکومەتی کۆماری تیادامەزرا. لۆلاداسیلفا کە کرێکارێکی پێشوو وسەرۆکی سەندیکاکان بوو. لەهەڵبژاردنەکانی ئەو ولاتە کە لەکۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ئەنجام درا توانی زۆرترین کورسی بەدەست بهێنێ وەبەڵێنی دا بو بەهەموو هەژارو بەش مەینەتەکان کەلەژێر زەختی دامو دەزگای دەوڵەت دەریان دەهێنی.

لۆلای کرێکارو سەرۆکی سەندیکاکانی تەمەن (٥٧) ساڵە توانی تەکانێك بەبەرازیل بداتو ئەوەیەکەمین جارە کە سیاسیەکی چەپ لەناو حیزبێکی کرێکاری. کەلە خێزانێکی هەژاری رۆژهەلاتی بەرازیلە دەوری هەبووە لەدروست کردنی ئەوحیزبە بەسەرۆك کۆمار دەربچێ.

پاش دەرکەوتنی ئەنجامەکان دەرچوو نزیکەی ٩٨٪ دەنگی بەدەست هێناوە ئەو بردنەوە مێژوویەی کەلۆلا بۆ سەرۆکایەتی بەرازیل بەدەستی هێنا، هیوایەکی لەدڵێ خەڵکی بەرازیل ژیاندەوە. لەیەکێك لەبنکە تەلەفزیونەکان کەناوی (گلوبونیوز)ە ئەوەی راگەیاند رێز لە پەیمانە دەوڵەتیەکان دەگرێتو هەروەها قەرزەکان دەداتەوە.

وە وتی دەبێ درك بەوە بکەن کەبەرازیلیەکان پێویستیان بەسێ ژەم خواردن هەیە. لێرەدا زۆرترین برسیەتی پێوە دیارە.وەپاش ئەوەش لەگەڵ یەکەم وتووێژدا لەگەڵ رۆژنامە نووسان پاش هەڵبژاردن لە (ساوپالۆ) وتی ئێستا من سەرۆکی هەموو بەرازیلم دەبێ بەرێکخستنێکی تۆکمە هەڵسن بۆ بنیادنانەوەی بەرازیل. وەداوا لە هەمو پیاو وژن وهاوپەیمانو سەندیکاکانو هەموو کرێکارو جوتیاران ولات بنیاد بنێنەوەو هەست بەلێپرسینەوە بکەن.

وە لۆلای چەپ لەوتارێکی دیکدا دەبێ بەرازیل رۆڵێکی بەرچاوی هەبێ لەکیشوەری ئەمریکا بۆ بنیادنانەوەی جیهان، بەسوود وەرگرتن لەئاشتی تاوەکو دەوڵەت بتوانێ گەشە بە ئابووریو باری کۆمەلایەتی بدات. وەهەروەها (جۆزیە دیرسۆ) سەرۆکی حیزبی کرێکاری یەکەم کەرۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەبردنەوەی لۆلاو هەڵبژاردنەدا وتی: لۆلا جەخت دەکاتەوە کەئەو بردنەوەیە دەبێ لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بگوازرێتەوە، بۆ ئەو خەڵکەی خەونیان پێوە دەدیت.بۆ ئەو خەڵکەی خەباتیان دەکرد بۆ دیموکراسی. وەلۆلا لە ١٩٦٤-١٩٨٥ دژ بەدیکتاتۆریەت لەناو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کاری دەکرد.

لەگوتەی لێکۆڵەرەوەیەکی سیاسی لەزانکۆی ریودی جانیرۆ کەناوی (جیرالد مونتیرۆ)یە لولا گۆرانێکی لەمێژوو تۆمار کرد، کەبەردەوام بژاردەیەکی کەم دەسەلاتیان لەدەست دابوو حوکمیان دەکرد، وەهەروەها لۆلاپێویستی بەهێزێکی گەورەی دانوستاندن هەیە بۆ چاکسازیەکانی لەناوولاتدا.

دیارە سەرۆکی هەلبژاردە رووبەرووی تەنگژەی دارایی گەورە دەبێتەوە لەگەڵ تێکچوونی نرخی دراو بەرێژەی ٤٠٪ لە سەرەتای ساڵەوە. وەهەروەها ئەو قەرزە زۆرەی لە ٦٠٪ پێك دەهێنێ لەتێکرای بەرهەمی ناوخۆ. ئەو بەڵێنانەی کەپێشتر بەسندووقی دراوی نێودەوڵەتی درابوو بۆ پارێزگاری کردن لەو زێدەیەی کە ٣٫٨٪وە بوارێکی زۆر تەسکی لەمانۆرکردن بۆبەجێ ماوە. بەڵام لۆلا لەقسەکردن لەگەڵ هاوکارەکانیدا وتی هەرچەندە رێگا بۆ سەرۆکایەتی کارێکی قورس بوو، بەڵام ئەوەی کردومانە تاوەکو ئێستا لەوەی لەپێشمانە ئاسانترە بەسەرکەوتنەکانمان هیواکان دیواری ترسیان رماند.

بەدرێژایی شەقامی بولیستا خەڵکەکە هاواریان دەکردو ئالاکان بەسەرسەریان دەشەکانەوە دەیانگوت "ئێستاسەرەتای چالاکییە گەورەکەیە" کەبتوانین خزمەت بەولات بکەین بیسەلمێنین سەر کەوتنمان بۆ سەرۆکایەتی ولات چەندین ساڵە خەباتی بۆ دەکەین بۆ زرگار بوونی مرۆڤی بەرازیلیە لەدەست برسیەتیو سەقامگیرکردنی دادوەری.

١١/٩

# راپۆرتێك سەبارەت بە دوا رۆژو رەوشی جیهان تا ساڵی ٢٠١٥

بەپێی راپۆرتێك کە لەئەمەریکا بلاوکراوەتەوەو (CIA) سەرپەرشتی کردووە ئاسۆی دوا رۆژی نەزمی نوێی جیهانیو رۆڵی ئەمەریکا تاساڵی ٢٠١٥ دەردەخا، کە تیایدا بارودۆخی جیهانی دەردەخا لەرووی (دانیشتوانو ژینگە، مەواریدی سروشتی، پێشکەوتنی زانستو تکنۆلۆژیا، ئابوری جیهانی،عەولەمە، سیاسەتەنیشتمانیەکانو جیهانی، ململانیەناوخۆییەکان، رۆڵی زلهێزی ئەمەریکا).

لەچوار ساڵەی رابردوودا دەرکەوتووە، کەدیاردەی جیهانگەرایی وگۆڕانکارییە خێراییەکانی بواری ئابووری وجیهانیو بڵاو بوونەوەی ئامرازی تەکنیکی زانیاری، بوونەتە چەند هۆکارێك دەکرێ مەزەندەی داهاتووی دونیای لەسەر بینا بکرێ.

ئەگەر دانیشتوانی جیهانی لە ٢٠٠٠ تەنیا ١٦ ملیار بووە، ئەوا بەپێی ئەو راپۆرتە تاساڵێ ٢٠١٥ دەگاتە ٢٧ ملیار کەس تێکرای بەرهەمی خواردن لەجیهان تێکڕای هەموو ئەو دانیشتوانانە تێر دەکا، گەر هاتوو خراپی دابەشکردنو گرژی سیاسیو بودەلی ژێرخان نەبێت، شەڕی ناوەخۆییو دەسەلاتی شمولیو برسێتیو گرانی لیْ دەکەوێتەوە، وزە ئەگەرچی پتر پێویست دەبێ، بەڵام ئەم راپۆرتە دڵنیامان دەکاتەوە کەهێشتا سەرچاوەی ٨٠٪ نەوت و ٩٠٪ گاز لەژێر خاکدایە.

بەپێیئەو راپۆرتە ناوچەی کەنداو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا گرنگیو ستراتیژیەتی هەردەمێنیو کێشەی ئاولە رۆژهەلاتی ناوەڕاستو بیابانەکانی ئەفریکاو خوارووی ئاسیاو باکوری چین، هەڕەشەکانی سەر هەڵدەداو تاساڵی ٢٠١٥ مەزەندەی چەند ململانێیەکی ناوچەیی لێدەکرێ هەر ئەو راپۆرتە وای بۆدەچێ کەتەکنەلۆژیاو شۆڕشی بواری زانیاری پتر گەشە دەسەنێو هەر ئەو پەرەگرتنە کاریگەری تایبەتی خۆی دەبێ، تەنانەت مەزەندەی هەمان رۆڵی شۆڕشی پیشەسازی سەدەی هەژدەمی لیْ دەکرێو بەڕای ئەو راپۆرتە لەمەودوا بەبەجیهانیبوون ئابووری جیهانی پتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری زانیاریو فیکرو بەهای رۆشنبیریو سەرمایەو خزمەتگوزاریو کالاو مرۆڤ، تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی کەئابووری جیهانی، دەبێتە هۆکارێکی گرنگی پاراستنی هێمنی سیاسی لەزۆربەی ولاتانی دونیادا.

دەوڵەتو رۆڵی دەوڵەت هەوڵ دەدرێ بەهەمان شێوەی کلاسیکی بپارێزرێ بەڵام کۆنترۆڵیان لەسەر زانیاری وتەکنەلۆژیاو نەخۆشیو پەنابەریو چەكو گۆڕینەوەی دراو کەمتر دەبێ، کۆمپانیاو رێکخراوە ناحکومیەکان لەجاران رۆڵیان پتر دەبێ.

مامەڵەکردنی دەوڵەت لەگەڵ پێشهاتە ناوەخۆییو دەرەکیەکان پلەی خۆ گونجاندنی ئەو دەوڵەتانە نیشان دەدا، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان، ئیدارەی چالاك رۆڵ دەبینێ لەکەلك وەرگرتن لەبەجیهانیبوون چارەسەری کێشەکانی ناوەخۆییو دەرەکی.

بەجیهانیبوون کاریگەری پتری لەبەرهەمهێنانی بڕیاری سیاسیو رژێمە شمولیەکان پتر تەنگەبەرتر دەکاو گۆڕانکارییە دیموکراسیە کلاسیەکان زێتر بەرەو گۆڕان دەچن.

هەر ئەو راپۆرتە وامەزندە دەکا کەئەمریکا لەداهاتوودا سێ کێشەو (بەرهەڵستی) رووبەڕووی دەبێتەوە یەکەم تەحدا لەلایەن ئەو ولاتانەی ناخوازن راستەوخۆ رووبەڕووی ئەمەریکا ببنەوە بەڵام دەخوازن لە قەلەمڕەوی ئەمریکا کەم بکەنەوە.

بەرهەڵستی دووەم ئەو رۆکێتە سەر بەکلاوانەی کەئێستالە بەر دەستی روسیاو چینو کۆریا وتا رادەیەکیش ئێرانو ئێراقو گەر هاتوو کەوتە بەردەستی ئەو گروپانەی کەسەربەهیچ ولاتێك نین (گروپە ئیسلامییە توند ڕەوەکان).

سێیەمیان ئەوهێزە سەربازییانەیە کەلەدونیا هێشتا بەشێوازی شەڕی سارد مامەڵە دەکەن.

ئەو ئاستەنگانەی کەئەمەریکا دەبێ هەوڵی روونەدانی بدا چونکە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر نەشونمای ئابووری دەبێ!.

١-درێژەدان بەپاشەکشەی ئابووری ئەمریکی کەئێستا رووبەڕووی بۆتەوە.

٢- سەرنەکەوتنی ئۆروپاو یابان لەسەرزیاد بوونی دانیشتوان کە کاریگەری دەکاتە سەر بەجێ گەیاندنی ئابووری.

٣- نەشونمای ئاست بەرزی ئابووری چینو هیند.

٤- درێژەدان بەتێکچوونی رەوشی بازاڕ کە قەیرانی ئابووری لیْ دەکەوێتەوە.

٥- سەرچاوەکانی وزە لەدونیا رووبەڕووی کێشە ببێتەوە، کاریگەری دەبێ بۆ سەر ئابووری دونیا.

بەهەڵسەنگاندنی ئەو راپۆرتە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ روونادات لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەرێژەی دانیشتوانو داهاتی سروشتیو بەجیهانیبوونو شێوازی ئیداری تاساڵی ٢٠١٥، زۆربەی ئەو ولاتانە بەرگری لەپرۆسەی گۆڕانکاری دەکەنو پشت بەمادەی پترۆڵ دەبەستن کەمادەیەکی ستراتیژیو سەرەکی وزە دەمێنێتەوە لەدونیادا، هەڵناسن بەکاری ریفۆرمیستی بەتایبەتی لەبواری خوێندنو فێربوندا بەکارهێنانی وزە لە ٧٥ ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدای ساڵی ٢٠٠٠ بەرز دەبێتەوە بۆ ١٠٠ ملیار بەرمیل تاساڵی ٢٠١٥.

بەهۆی دەستەبەرنەکردنی ئابووری رازاوەی فرەچەشنی هەندێ ولاتانی تازە پێگەیشتوو، لەسایەی بەجیهانیبوونو سیستەمی نوێی جیهانی، شەڕی ناوەخۆیو کاری تیرۆریستی شوێنەواری زۆری دەبێ لەو ولاتانەدا

چوار سیناریۆ یاخود ئەلتەرناتیف تاساڵی ٢٠١٥ مەزەندە دەکرێت بەپێێ ئەو راپۆرتە.

١- سیناریۆی یەکەم، بەجیهانیبوون گشتگرەوە، کەتیایدا چەند هۆکارێکی پەیوەستدار بەنەشونمای ئابووریو دانیشتوانو کارگێری چالاك یەکدەگرن بۆ ئەوەی بتوانرێ تەواوی دانیشتوان کەلك لەبەجیهانیبوون وەربگرن.

٢- سیناریۆی دووەم، هەڵبژاردەیەك کەلك لە بەجیهانیبوون وەردەگرنو زۆرینەی خەڵك هەر لەژێر هەمان دەردەسەری دەمێننەوە، زیاد بوونی دانیشتوانو کەمی داهات خەمی ولاتانی بێ دەرەتان زیاد دەکا.

دیاردەی کۆچ کردن دەبێتە هۆکاری گرژی نێوان هەندێ ولاتانو ئابووری (جیهانی سێ) پلەی جودایی تیادا دروست دەبێ ولاتە پێشکەوتووەکان نەشونمای بەردەوامی دەبێ ولاتانی بێ دەرەتان دەردەسەریان پتر دەبێ بۆیە جودایی نێوان ئەو ولاتانە یەکجار زۆردەبێ.

٣- سیناریۆی سێیەم: ململانێی ناوچەگەری لە برەو دادەبێو ناسنامەی ناوچەگەری لەئۆروپاو ئاسیاو هەردوو ئەمریکاپتر بە دیار دەکەوێ لەبەر ئەوەی بەرگری لەزلهێزی ئەمریکا دەکەن.

٤- سیناریۆی چوارەم: دوای هەیمەنەی تاك ڕەوی، کەتیایدا گرژی سیاسیو ئابوری نێوان ئەمریکاو ئۆروپا بەرز دەبێتەوەوهاوپەیمانیەتیان تێك دەچێو ئەمەریکا هێزەکانی خۆی لەئۆروپا دەکێشێتەوەو ئوروپا خۆی خەریکی ناوچەکانی خۆی دەکا بەدووره دەستی ئەمریکا. و هەندێ تەنگژەی حکومی لە ئەمریکای لاتین بەتایبەتی لە کۆلۆمبیاو کوباو مەکسیك زیاد دەکاو ئەمەریکا ناچار دەکا تەرکیز تەنیا لەسەر ئەو ناوچەیە بکات.

ئا/ رێگای رەنجدەران

# فەنزویللا ... روبەرو لەگەڵ کێشەکانیدا

قاسم محەمەد مستەفا

لەکۆتایی مانگی ئەیلولی رابردووەوەو تاوەکو ئەم رۆژانەی دواییش رێپێوانو خۆپێشێندان لەزۆربەی شارەکانی ولاتی (فەنزویللا)وبەتایبەتی کە (کاراکاسی)ی پایتەختیشی گرتەوە بەدی دەکرا. دەبێت ئەوەشمان لەیادبێت کە چەند مانگێك بەسە رهەولدانە کودەتاییە سەرنەکەوتووەکەی مانگی نیسانی رابردوو تێپەڕیووەو ئۆپۆزیسیۆنی فەنزویللی هەمیشە لەداواکاری خۆپێنیشاندانی فراواندایە.

ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لەژێر دروشمی (هاریکاری دیموکراسی) کاردەکات. رابەرانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنەش لەیەکێتی خاوەن کار (فیدریکامیراسی)وسەرۆکایەتی هەندێك لەسەندیکای کرێکاریو هەندێك لەحزبە بەرهەڵستکارەکانی دژ بەرێبازی سەرۆك (هۆگۆتشاڤیز) پێکهاتووە.

گرنگترین داواکارییەکانی رابەرانی ئەوئۆپۆزیسیۆنە بریتین لە:

١- دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك (تشاڤیز).

٢- هەڵوەشاندنەوەی (کۆمەڵەی دەستووری)واتە پەرلەمان.

٣- دەستکردن بەهەڵبژاردنی پێشکاتەی (پەرلەمان).

لەهەمانکاتدا ماوەیەك لەمەوپێش بەئەنجامگەیاندنی ئەم خۆپیشاندانانە راگەیاندرابووو خەڵکی بۆ وروژێندرابووو خۆ ئامادەکردنێکی باشی بۆ کرابوو. ئەو ئامانجو مەبەستانەی کەلەپشت ئەم کارە بوو دیارو ئاشکرا بوو. بەڵام دەسەلاتدارانو دامودەزگاکانی حکومەتی فەنزیللا زۆر بەروونیو دیموکراسییانە رەفتاریان لەگەڵدا کردن.

دووایین خۆپێشاندانی ئەم ولاتە چەند هەفتەیەك بووکارو بانگەشەی بۆ دەکراو قەبارەیەکی گەورەی بەخۆوە دیت. ملیۆنێك خۆپێشاندەر تیایدا بەشداربوون ئەوەی شوێن سەرنجراکێشان بوو هێزەکانی پۆلیسو ناوخۆ رێگایان لە داپلۆسینو کوشتار گەلی گرتو کۆنترۆڵی دۆخە کەیانکرد. لەگەڵ ئەوەی رێیان لەخوێناوی بوونی لێکهەڵخشانی نێوان خۆپێشاندەران لەلایەك وهێزو حزبە لایەنگرەکانی رژێمی ئەم ولاتە لەلایەکی دیکەوە گرت.

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کوژراوێكو شەش بریندداری لەهەردووهەرێمی "گواریکۆ" و"ئاراگوا" لەناوەڕاستی ولات لێکەوتەوە.

لێرەدا ئەوەی شایانی لێوردبوونەوەو تێڕامانە، دوور لەم بەشدارییە جەماوەرییە بەرفراوانەو قەبارەی بەشداربوانو گرنگی ئەنجامی ئەم دیاردەیە، دووخاڵی پشت پەردەی ئەم تەقینەوە جەماوەرییەی سەر شەقامەکانی ئەو ولاتەیە کە بریتین لە:

یەکەم/ سروشتی ئەم هێزە بزوێنەرانەیە لە کۆمەڵگای فەنزویللاو سەرکردەو رابەرەدیارەکانی.

دووەم/ قەبارەی ئەم پشتیوانییە دەرەکییەی کەهاوکاریو کۆمەکی ئەم بزوتنەوە دژە کارە دەکات بەرامبەر بە(تشاڤیز) وسیاسەتەکەی ئەم گرژیو ململانێ بەگوڕەش تەوەرە سەرکییەکەی هەڵوێست بەرامبەر بەو گۆڕانکارییە ئابووری-کۆمەلایەتییەیەکە تشاڤیز پەیڕەوی دەکاتو رەنگدانەوەکەیەتی لەسەر سیاسەتی ناوەوەو دەرەوەی ئەم ولاتەو دەرەئەنجامەکانییەتی لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی کەبریتییە لە:

١-هاوپەیمانییەتی خاوەن کارو مولکدارە گەورەکانو زەرەر مەندەکانن لەم یاسا نوێیانەی کەپەرلەمانی ئەم ولاتە دەریانکرد بەر لە دووساڵ پێشترەوەو پەیوەستن بەیاسای چاککردنی کشتوکاڵو دابەشکردنی زەویو زاری کشتوکاڵی بەسەر دەیان هەزار لەجووتیارە بێ زەویو زارەکان.

٢- ئەم گۆڕانکارییانەی کەبەسەر بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکانی پەترۆلو سەرۆکایەتی هەندێك لەسەندیکاکاندا هاتو زیانێکی زۆری بەچینە بالاکانی کۆمەڵگا گەیاند.

٣- کۆمەكو پشتگیری بەهێزی دەسەلاتی کەنیسە بۆ نەیارانی سەرۆك (تشاڤین).

٤- رەفتارو کاردانەوەی گەورە ئەفسەرانی لەشکرو کارمەندە گەورەکانی پێشووی دەوڵەت کەبەرژەوەندییان لەگەڵ رێبازی ئێستای دەوڵەت ناتەریبەو لەلایەن سەرمایەداری جیهانییەوە پشتگیرییان لێدەکرێت. هاوکات لەگەڵ ئەو بارە ئابوورییە تەنکژاوییەی کەئەم ولاتە تێیکەوتووە (نزیکەی "٤٠" ملیۆن دۆلار قەرزارە).

٥- هاوپەیمانێتی جووتیارانو کرێکاران، بەتایبەتی لە کەرتی نەوت، وسەربازو ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانو... کەپشتیوانییەکی کاریگەر بۆ حکومەتەکەی (تشاڤین) پێکدەهێنێ. چونکە ئەوانە سوود لەیاساکانی چاککردنی کشتوکاڵیو یاساکانی داڕێژراوی پەرلەمان وەردەگرن. بەرنامەی مسۆگەر کردنی نیشتەجێیو فراوانکردنی فێرکردن کەبەپێچەوانەی ئەو گەندەلییەی لەسەردەمی پێشتر باڵێ بەسەر ولاتدا گرتبوو.

ئەوەی پێویستە لەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی دواییدا ئاماژەی بۆ بکرێت ٩٠٪ی دەنگەکان لەبەرژەوەندی دەسەلاتی ئێستا دابوو و لەم راپرسییەی کەلەسەر دەستووری نوێی ولات ئەنجامدرا ٧٠٪ی دەنگدەران پشتگیرییان بۆ ئەم دەسەلاتەی ئێستا راگەیاند.

فەنزویللا رۆڵێکی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی کۆپیکراوی سیاسەتی یەك جەمسەری نییەو لەگەڵ رەوتی جیهانگیری یەکناگرێتەوە. لەئامانجەکانی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەیدا لەهەوڵێ هاریکارییەکی ئەمەریکی لاتینی ئەوتۆ دایە کەئاراستەکەی پێکهێنانی کۆنفدرالییەکی ئەمەریکی لاتینییە. ئەم دروشمە ئاشکرایەی کە (تشاڤین) بەرزی کردۆتەوە دەڵێت: (بەرەو ئاراستەیەکی سیاسی سەربازی ئەوتۆ کەدەوڵەتەئەمرکییە لاتینییەکان کۆبکاتەوە).

فەنزویللا رۆڵێکی بەرچاوی لەچوار چێوەی دەوڵەتانی ئۆپێك)و کۆمەڵی (٧٧)و کۆمەڵی (١٥) دەوڵەتی پەرەپێدراو هەیە. هەڵوێستی دیارو کاریگەریشی بەرچاوە لەسەر ئاستی خاوەندارێتی دەنگو رەنگی تایبەتی خۆی بەرامبەر بەسیاسەتی سندووقی دراوی نێو دەوڵەتی بانکی جیهانی وئەو یارمەتییەی کەگۆیا بە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانی دەدات.

ئەوە بوو دوای کەمتر لەهەفتەیەك لەم خۆپێنیشاندانەی کەئۆپۆزیسیۆن پێێ هەڵسا لە (کاراکاسی) ی پایتەخت ئەم شارە رێپێوانێکی بەرفراوانی بەخۆوە دیت کەسەدان هەزار کەسی بەشداری تیاکردو پتشگیری خۆیان بۆ سەرۆك(تشاڤین) وسیاسەتەکەی نوێکردەوە. ئەم رێپێوانەی دوایی لەیادی بەسەر چوونی شەش مانگ بوو بەسە رکودەتا ناسەرکەوتووەکەی مانگی نیسانو وەڵامدانەوەیەکی نارەزامەندییانەبوو بەرامبەر بەم کودەتا سەرنەکەوتووە. ئەوەشی نیشاندا کەشەقامی فەنزویللی پشتگیری لە سیاسەتو گۆڕأنکارییە ئابوورییە- کۆمەلایەتییەکانی دەسەلاتی ئێستای ولات دەکات.

# دوا هەل بۆ مانەوە!؟

عباس نادر

دەنگدان بەکۆی گشتی لەسەر بڕیاری ١٤٤١ی ئەنجومەنی ئاسایش ئەوەی سەلماند کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا،هەر بەتەنیا بالادەستی جیهانی ئەمڕۆیە، هەر چەندە فەرەنساو روسیاو ئەلمانیاو چین جار جار هەوڵ دەدەن خۆیان بکەن بەهاوپشك، بەلام لەیەك لاکردنەوەو دەنگدان لەم بڕیارەش هاتنە پاڵ ئەمەریکاو بەریتانیا. بەمەش ئەمەریکا جارێکی دیکە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە بەوەی دۆسیەی لیژنەی پشکێنەرانی نەك هەرهێناوە سەر مێزی گفتوگۆی ناو ئەنجوومەنی ئاسایش بەڵکو بڕیاریش لەسەر گەڕانەوەیان درا بۆ عێراق تا کو چەکە کۆکوژەکان دابماڵن.

پێش دەنگدان لەسەر بڕیارەکە بۆش ئاگاداری کۆفی ئەنانو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی کردەوە، بەوەی باچیدیکە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەبێتە شوێنی گفتوگۆو راگۆڕینەوە بەڵکو دەبێ بڕیاری بوێرانەبدات ئەگینا بەدەردی (کۆمەڵەی گەلان) دەچێت وەك لەپێش شەڕی دووەمی جیهانی هەبوو.

لەدوای دەنگدانەکەش بۆش راستەوخۆ گووتی ئەمە دوا هەلە بۆ سەدام بەلام پێ دەچێت، بەجێ بەجێ کردنو بەجێبەجێ نەکردنی بڕیارەکە وقبوڵ کردنی ئەمەریکا بڕیاری لێدانی هەر دابێت بەوەی هەروا هێز کۆ دەکاتەوەو دەینێرێتە ناوچەی کەنداو بەریتانیاش هێزی یەدەگی سەربازی بانگ کردووەو هەرچەندە (ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق) بڕیارەکەی رەتکردەوە لەکۆتایی ئەم هەفتەیەدا دەبێ عێراق دوا وەلام بداتەوە پێش دەچێت قەبوڵی بکات چونکە بەیانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی هەرچەندە بڕیارەکەی رەتکردۆتەوە بەلام دەرگای بەوالایی هێشتۆتەوە بۆ سەدام حوسێن کەخۆی دوا بڕیار بدات.

جائەگەر سەدامیش قەبوڵی نەکرد ئەوە لێی دەدرێ ئەگەریش قەبوڵی کرد ئەوا مەرجەکان ئەوەندە قورسن. هیچ دەستەلاتێك بۆ سەدام و حوکمڕانیەکەی نامێنێتەوە جارێکی دیکە دەبێتەوەهۆی لێدانی سەدام پێش دەچێت لەرۆژەکانی مانگی شوبات لەژێر چەتری نەتەوەیەکگرتووەکان ئەمەریکا دەست بەگورزوەشاندن بکات.